پێشەوا قازی:

# دەمهەوێ لە دووا ساتەکانی ژیانمدا بە سەربەرزی چاو ببڕمە نیشتمانە خۆشەویست و دلڕفێنەکەم کە چۆن بەرۆکی شەوەزەنگ دادەدڕێ

ئا: کاکەڕەش لاجانی



سەدری قازی — پێشەوا قازی محەممەد — سەیفی قازی

تەمەنی کۆمار گەلێ کورت بوو. 330 ڕۆژی زیاتر نەخایاند کە بە پیلانی داگیرکەران و بە فەرمانی دۆستانی بەرژەوەندیخواز و خەیانەتی هێندێک لە سەرۆک عەشیرەتەکان، کۆماری کوردستان هەرەسی هێنا و ئەو ئەستێرە گەشەی هیوای کوردان خامووش کرا. ئەگەر چی بە تێکشکانی کۆمار و شەهیدکردنی سەرۆک کۆمارەکەی، خەم و خەفەت و تازییەباری نێو ماڵی کوردانی نێشتمانپەروەری گرتەوە، بەڵام کاردانەوەی کۆمار لە سەر خۆزگە و ئارەزووکانی خەڵکی و ئەو شەهامەتەی سەرۆک کۆمار بەرانبەر بە دوژمنانی کورد نواندی، بۆ کورد بوو بە مێژوو، بوو بە بەڵگەی هەرمانی میللەتێک. بەتایبەتی کە ئاڵای کوردستان وەک ڕەمز و سیمبۆلی نەتەوەیەک، تا هەتایە مایەوە.

دوژمنانی ئازادی کە چاویان بەرایی دیتنی حکوومەتێکی ئازاد و دێموکراتیکی نەدەدا، بە هەزار درۆ و دەلەسە و بە فریو و دەغەڵکاری توانییان پێشەوا قازی محەممەد و حەمە حوسەین خانی سەیفی قازی و سەدری قازی لە 10 خاکەلێوەی 1326ی هەتاوی لە چوارچرای شاری مەهاباد لە سێدارە بدەن. بە پێی ئەو زانیارییانەی لە لایەن دەسەڵاتدارانی ڕێژیمی پاشایەتیی ئێرانەوە بڵاوکراونەتەوە، پێشەوا زۆر ئازایانە بەرەنگاری بێدادگای فەرمایشیی ڕێژیمی پاشایەتی بۆتەوە.

سەرهەنگ "شەریفی" کە حکوومەت کردبووی بە وەکیلی پێشەوا قازی محەمەد، ساڵی 1956 هێندێ ڕاستی دەخاتەڕوو و دەڵێ "بە داخەوە بۆ قازی محەممەد، ئەو پیاوە گەورە و زانایە. قازی محەممەد، لە بەردەم دادگادا بەوپەڕی ژیری و بێترسی دەدوا. لە ڕاستیدا ئەوە ئەو بوو کە دادگاکەی دادگایی و موحاکمە دەکرد."

هەر لەو بارەوە وەکیلی پێشەوا دەڵێ: "قازی محەممەد نەتەنیا داکۆکیی لە گەلی کورد لە ڕۆژهەڵات دەکرد، بەڵکوو داکۆکیی لە تێکڕای نەتەوەی کورد دەکرد." لە شوێنێکی دیکەدا ئاماژە دەدا، کە "قازییەکان قارەمانانە بەرگرییان لە بیر و باوڕی خۆیان دەکرد، بە جۆرێک کە لە دادگا سەرم سوڕما. ئەوان هەرگیز لە کردەوەکانی خۆیان پەشیمان نەبوونەوە."

دووابەدوای دادگاییەکەی ئەو سێ کوردپەروەرە، لە ئەو پەڕی ترسنۆکی و بەزیویدا و بە بیانووی دەستپێکردنەوەی خولێکی دیکەی دادگا لە تاران، کاتژمێر 3 نیوەشەو دەیانبەنە شارەوانیی مەهاباد. کاتێ لەوێ جەنابی پێشەوا چاوی بەقەنارەی ئیعدام دەکەوێ، دەزانێ ڕێژیم چ نیازێکی هەیە و کاتێ دێتە ساڵۆنی شارەوانی و چاوی بە "پارسی تەبار" دەکەوێ دەڵێ:

"ئێوە لە مردووەکانیشمان زەندەقتان چووە. ئەگەر دەتانەوێ ئیعدامامان بکەن بۆ بە درۆ دەڵێن کە ڕاماندەگوازنە تاران. دەردەکەوێ درۆزنی و دووڕوویی یاسای حکومەتی ئێوەیە."

مەسەلەیەکیتریش کە پێویستە ئاوڕی لێ بدرێتەوە، ئەوەیە کە بە داخەوە کەسانێکی هەڵپەرەست تەنها بۆ خۆ شیرین کردن لە لای کاربەدەستانی ڕێژیمی پاشایەتی، زۆر زوو پشتیان لە وعدە و بەڵێنەکانی خۆیان کرد و نەتەنها پێشەوایان بە جێهێشت، بەڵکوو لە دژی ئەو مرۆڤە مەزنە کەوتنە پیلانگێران و ئیمزا کۆکردنەوە. ئەوان بەو کارەیان هەتا هەتایە خۆیان شەرمەزاری گەلی کوردستان کردووە. (بۆ بەدەستهێنانی ناوەکانیان بڕوانە کتێبی "نهێنییەکانی موحاکمەی قازی و هاوڕێیانی" وەرگێڕانی "محەمەد ڕەزا سەیفی قازی".)

کۆمار و سەرۆکەکەی، بناخەی ڕێباز و بزۆتنەوەیەکیان دانا کە بە هیچ هێز و لایەنێک کۆتایی نایەتە و ڕێبوارانی ڕێگای پێشەوای شەهید بۆ وەدی هێنانی ئاواتەکانی و دامەزراندنەوەی کۆماری کوردستان، بێوچان خەبات دەکەن. سڵاو لە پێشەوا و سەرجەم شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان و ڕێگایان بەردەوام.



نووسین و لێکۆڵینەوە:
هێما سۆفی سەلیم

## وشەی کوردستان

بەشی یەکەم

وشەی کورد لە ڕوانگەی مێژووییەوە و بەپێی بەڵگە و دێکۆمێنتەکان، چوار هەزارساڵ پێش لەدایکبوونی عیسای پێغەمبەر لەسەرزاران بووە و باسی لێ کراوە، بەڵام وشەی کوردستان {باشوور – باکوور – ڕۆژهەڵات - ڕۆژئاوا} 850 ساڵ لەوە پێش هاتۆتە نێو ئەدەبیاتی دیالۆگ و سیاسەتەوە. بەم پێیە "سوڵتان سەنجێر"، دووا پاشای سەلجوقییەکان بەشی ڕۆژئاوای هەرێمی چیای {ئەقلیم ئەلجیبال} سەر بە شاری کرماشانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی لەبەشەکانی تر دابڕی و لەکۆبەندییەکی نوێدا بە (ویلایەتی کوردستان) ی ناودێر کرد.

خاکی ئەوسەردەمەی کوردستان لە نووسراوە یوونانی و ڕۆمییەکاندا، بەناوەکانی "کوردۆس" و "گوردیای" ناسراوە. لە نووسراوە سوورییەکانیشدا بە "کاردۆ" ناوبراوە. مەبەست لەو هەموو ناوە، ئەو وڵاتەیە کە "کاردۆخی"یەکان تێیدا دەژیان. ئەو مەڵبەندە لە نێوان چیاکانی دیاربەکر و زاخۆ و نەسیبین هەڵکەوتووە و سنوورەکەشی بەتەواوی ئاشکرانەبووە. (ئەوناوچەیە بەشێک بووە لە خاکی کوردستان.)

سەرچاوە ئەرمەنییەکان، بەتایبەتی لە سەدەی 7ی پێش زاییندا، بەکوردستانیان وتووە: "کوردۆچیخ" کە لە ڕووی ئیدارییەوە 11ناوچە لە بەر دەگرت کە بریتین لە:

1- کۆردوک 2- کۆردوکی سەروو 3- کۆردوکی ناوەند 4- کۆردوکی خواروو 5- ئەیتواناک 6- ئەگپارس 7- مۆتۆگانک 8- بۆرسیرانک 9- قەرە تونیس 10- چاهوک 11 – ئەڵپاکی بچووک

هەروەها، نووسەرە عەرەبەکان لە سەردەمی ناوەنددا، کوردستانیان بە "ئەقلیم ئەلجیبال" واتە: (هەرێمی چیاو کوێستان)، ناودەبرد. ئەو هەرێمە، ناوچەکانی نێوان باکووری ڕۆژاوای ئێران، هەتا بەندی ورمێی لەبەردەگرت و لە دەشتی عێراقەوە تا بیابانی مەزنی ئێران، درێژەی هەبوو.

درێژەی هەیە ....

# بە ئەزموونی 110 ساڵەی ڕۆژنامەگەریی کوردی دەرگاکانی گەشە و پێشکەوتن بە ڕزگاری و سەروەریی نەتەوەیی دەکرێنەوە

"بۆ کوردستان"






ڕۆژی 2 ی گوڵان ، یەکێکی دیکەیە لە ڕۆژە مێژوویی و گرنگ و پڕ بایەخەکانی نەتەوەکەمان . 110 ساڵ لەمەوبەر یەکەمین، ڕۆژنامەی کوردی، لە قاهیرەی پێتەختی میسر چاوی بە دنیا هەڵێنا . "کوردستان " ئەو تاقانەیە بوو کە بە هیمەتی گەورەپیاوی کورد ،"میقداد میدحەت بەدرخان " بووە سەرتۆپ و ڕچەشکێنی ڕۆژنامەگەریی کوردی. ئەم لەدایکبوونە پیرۆزە، هەر لەوکاتەدا کە ڕووداوێکی گرنگی سیاسیی و ڕۆشنبیری بوو، سەرەتای دەستپێکرانی دەورانێکی تازەش بوو لە ژیانی نەتەوەی کوردا کە هەنگاوەکانی دووایی و دوواتریشی بەدووادا هاتن.

دەرچوونی ڕۆژنامەیەکی کوردی، لەلایان ڕوناکبیرێکی کوردەوە هەر لەو کاتەدا کە نیشانەیەکی ئاشکرای پێشکەوتنخوازیی و دیاردەیەکی شارستانێتی بوو بۆ نەتەوەی کورد، سەبارەت بەوەی لە غەریبی لە دایك بوو و دواتر بۆ درێژەدان بە حەیاتی، ئەم وڵات و ئەو وڵاتی کرد، بەڵگەیەکی زیندووی بن دەستی و غەدرلێکراویی نەتەوەیەکی گەورە بوو کە هەتا ئەمڕۆش سەرەڕای گۆڕانی شکڵ و شێوەکانی، هەر بەو جۆرەیە. ئەگەر 110 ساڵ لەمەوبەر داگیرکەرانی کوردستان ڕێگەیان لە لەدایکبوونی ڕۆژنامەی کوردستان گرت، ئەمڕۆ پاش زیاتر لە یەك سەدە هێشتا لە کوردستانی بندەستی داگیرکەراندا، بیر و قەڵەم و ڕۆژنامەی ئازادی کورد بقەیە و باسی سەرە. هێشتا لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی داگیرکەراندا کوردێك نەك بە هۆی نووسینی ڕۆژنامەیەکی کوردی ئازادەوە، بەڵکو تەنیا لەبەر هەڵگرتنی ڕۆژنامەیەکی وا، ئەگەر بێتو دام و دەزگا سیخوڕییەکانی ئەو دەوڵەتانە، پێی بزانن، دەگیرێ، ئەشکەنجە دەدرێ و ڕەنگە حوکمی قورسیشی بەسەردا بسەپێنرێ.

شاکانی سەفەوی توانی ڕێگە لە چاپ و بڵاو بوونەوەی "کوردستان " بگرێ؛ نە سیاسەتی بکوژە و ببڕەی میراتگرانیان توانی بۆ هەمیشە ڕێ لە گەڕی قەڵەمی کورد و پەیامە ڕەسەنەکەی بگرن. بە نرخی ماندووبوون و کۆڵنەدانی خەباتگێڕانی ئەو مەیدانە، ڕۆڵە دڵسۆزەکانی ئەم نیشتمانە، لە هەموو شوێنێك و لە هەر دۆخێکدا ئەگەر یەکجار ناڵەباریش بووبێ، خەمی نەکوژانەوەی ئەو مۆمەی "مێقداد بەدرخان"ی نەمر دایگیرساند، بە کۆڵەوە بووە و ئەگەر لە هەندەران و بە ئیمکاناتی پێشکەوتوو بۆیان لوابێ ئەوە بەو تەرزە، دەنا لە گەلێك دەور و دەڤەری وڵاتە داگیرکراوەکەماندا، شاخ بە شاخ و دۆڵ بە دۆڵ بە سەرەتاییترین و سادەترین کەرەستە و ئیمکانات بەڵام هەر بەو دڵسۆزی و گوڕ و تینەی بەدرخانیەکانەوە ڕێبواری ماندوویی نەناسی ئەو ڕێگەیە بوون؛ نەوە بە نەوە، بەرد- بەرد دیواری قەڵای ڕۆژنامەگەریی کوردییان هەڵچنی و وا ئەمڕۆ داری ئەو زەحمەت و ماندووبوونەیان هاتۆتە بەر و سەرەڕای بارودۆخی ناڵەبار و پڕکارەساتی کورد، کاروانی ڕۆژنامەگەریی کوردی لە ڕێدایە و هەوراز و نشێوەکان دەبڕێ و ڕووی لە ئاسۆیەکی گەش و ڕووناك و پڕشنگدارە و هیچ هێزێك ناتوانێ بەرەو دوای وەگێڕێ.

بۆیە، لە بارودۆخێکی ئەوتۆدا کە ئیتر، دوژمنان و داگیرکەرانی کوردستان لە تواندنەوەی کورد و فەرهەنگ و کلتوورەکەی هیوابڕ بوون، لێرە و لەوێ ئەم جار بەو نیازەی هەر بە وشە و ڕستەی کوردی و قەڵەمی قەڵەم فرۆشانی خۆماڵی، پەیام و ڕەسالەتی ڕەسەنی ڕۆژنامەی کوردی و قەڵەمی کوردی، لەبار بەرن، خۆیان لە ژێر چاودێریی دام و دەزگا ئەمنی و جاسووسییەکانیان دا، هێندێك ڕێ و شوێنیان بۆ چاپ و بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامە و گۆڤاری بە کوردی نووسراو دانا. دیارە هەڵبژاردنی ئەم ڕێگەیە، پێش هەمووشتێ، سەرکەوتنە بۆ کورد و بزووتنەوەی سیاسی و فەرهەنگیی و ناچاری و داماوی ڕێژیمە داگیرکەرەکانە لە بەرانبەر بوون و ناسنامەی سەربەخۆی نەتەوەکەمان دا. بەڵام هەر لەو کاتەدا کۆمەڵێك ئامانجی دوژمنانەی سیاسی و ئەمنیەتی بەم ڕێگەیەدا تاقیب دەکەن. بەڵام بەو حاڵەشەوە ڕۆژنامەنووسی ئازادیخوازی کورد، سەرکەوتووانە ئەو جۆرە مینبەرانەشی بەکار هێنا بۆ گەیاندنی پەیڤ و پەیامی ڕەسەنی کوردی.

بۆیە ئەم ڕاستیيانە حوکم دەکەن کە پرسیار بکەین کام " ڕۆژنامەگەریی کوردی؟" تایبەتمەندییەکانی بارودۆخی ژیانی کوردان و بزووتنەوە سیاسی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتییەکەی و جۆری ڕەفتار و شێوەی سیاسەتی ڕێژیمە داگیرکەرەکان دەگەڵ کورد و کوردستاندا، ڕۆژنامەگەریی ڕەسەن، بێ ئەم لاو ئەو لا دەخاتە بەرەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازییەوە کە ئەویش ڕاوەستانە لە بەرانبەر داگیرکەرانی ئەم نیشتمانەدا. بۆیە ئەو ڕۆژنامە و بڵاوکراوەیە بە درێژە پێدەری " کوردستان " دەژمێردرێ کە زبانحاڵی ڕاستگۆی بارودۆخی کورد و دەربڕی ئامانج و ئاوات و ئارەزوەکانی ئەم نەتەوە غەدرلێکراوە و داواکاریی لێبڕاوی مافە زەوتکراوەکانی بێ . دیارە ڕۆژنامەگەرییەکی ئاوا و ڕۆژنامەنووسی ئەو مەیدانە، سەنگەرکانیان یان لە شاخە، یان لە زیندانە، یان لە کوردستانێکی ئازاد دا، یان وەك "کوردستان " ی دایك لە هەندەران و غوربەتە. ئەم ڕاستییە تاڵ و تفتە بۆتە هۆی ئەوەی ڕۆژنامەگەریی کوردی نەتوانێ لە پای کاروانی ڕۆژنامەگەریی جیهانی دەربچێ و لە تێکنۆلۆژیی سەردەم کەڵکی پێویست وەربگرێ .

ئەوەی تا ئێستا باسمان لێوەکرد، سیمای گشتی و مێژوویی ڕۆژنامەگەریی کوردیە کە کەم تا زۆر دەتوانێ بەیانی واقیعیەتی ڕۆژنامەگەریی کورد بێ بە گشتی. بەڵام لە شێواز و بارودۆخی تایبەت دا، هەموو پارچەکانی کوردستان وەك یەك نین و هەر وەك چۆن جیاوازی هەلومەرجی سیاسیان هەیە، لەم بوارەشدا هەرکام بە کۆمەڵێك تایبەتمەندییەوە لەوانی دیکە جیا دەبێتەوە. لە لایەکی دیکەوە بە سەرنج دان و ڕامان لە ڕەوتی ڕۆژنامەگەریی کوردی و هەوراز و نشێوەکانی، بەستراوەیی ئەم ڕەوتە بە شۆڕشی ڕزگاریخوازیی نەتەوەیی کوردستان، دەردەکەوێ. لەگەڵ بەرپابوونی شۆڕش، چرای ڕۆژنامەگەریش هەڵکراوە، کە شۆڕش لە سەرکەوتن دا بووە ڕۆژنامەگەریی کوردی بە خێرایی لە ڕووی چۆنایەتی و چەندایەتییەوە بوژاوەتەوە و گەشەی کردوە . وە بە پێچەوانەوە، لە حاڵەتی شکان و ڕووخان دا دەگەڵ لە دەسچوونی دەسکەوتە سیاسییە نەتەوەییەکان، چرای ڕۆژنامەگەریی کوردیش لانی کەم بۆ ماوەیەك کوژاوەتەوە. ئەم پێوەندییە بەهێز و ڕاستەوخۆیەی نێوان بزووتنەوەی نەتەوایەتی و ڕۆژنامەگەریی کوردی لە کۆماری کوردستان، لە شۆڕشی ئەیلول، لە پاش ڕووخانی ڕێژیمی شای ئێران، تەجرەبە کراوە . هەروەها ئەمڕۆ لە باشووری کوردستان، ڕۆژنامەگەریی کوردی لەوپەڕی گەشەکردن دایە و سەدان ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوەی ڕۆژانە و حەفتانە و مانگانە و ... هتد، چاپ و بڵاو دەبێتەوە و سەدان نووسەر و ڕۆژنامەنووسی کورد کە زۆربەیان لە سەنگەری پێشمەرگایەتی یەوە پێگەیشتوون، قەڵەم دەگێڕن . ئەم دیاردە شارستانی و پێشکەوتووە، لەم بەشەی نیشتمان دا، لە ژێر باری گەمارۆی ئابووری و ڕیچەی دوژمنانی دوواکەوتووی قین لە دڵ دا، نموونەیەکی بێ وێنەیە لە ئاستی ناوچەکەدا.

ئەم ڕاستییە حاشا هەڵنەگرانە، وەك گەلێك ڕاستیی دیکە، بەڵگەی زیندوو و عەمەلیی ئەوەن کە دەرگاکانی گەشەکردن و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و ئابووری و کلتووری بە ڕزگاری و پێکهاتنی دەسەڵاتی نەتەوەیی، واتە: "دەوڵەت" دەکرێنەوە . با لە 110 ساڵەی ڕۆژنامەگەریی کوردی دا، ڕۆژنامەنووسانی ڕەسەن و نیشتمانپەروەری گەلەکەمان پتر ئەم حەقیقەتە ڕوون کەنەوە!